Digitally signed by www.kurdistannet.org
cn=www.kurdistannet.org, ou=www.kurdistannet.org, o=Kurdistan Net, c=NL
Date: 2002.08.19 23:17:13 +01'00'
Reason: <none>
Kurdistan Net Neti Hemwane

*هەروەها دەرکەوت تاوانبار نەزار خەزرەجی منداڵێکی کوردی بە پێلەقە کوشتووە*

# *ئاسۆی دادگایی کردنی تاوانبار نەزار خەزرەجی*

## *6-1*

*کۆمیتەی بەگڕ خستنی هەوڵەکان بۆ دادگایی کردنی تاوانبار نەزار خەزەجی*

*ئەحمەد عەزیز 15|8|2002 دانمارک*

لە چوارچێوەی گەڕانی و لێکۆڵینەوەی شۆنالیستەکانی دانمارک بە دوای زانیاری و بەڵگەنامەی تایبەت بەو تاوانانەی نەزار خەزرەجی ئەنجامی داوە لە کوردستان ، ڕۆژی 8\ AUGUST \2002 ڕۆژنامە نوس Niels Westberg لە ڕۆژنامەی گەورە و بە ناوبانگی دانمارک (Ekstra Bladet)سەردانی (دەرسیم ڕەحمان فەرحان)ی کرد کە بەو دوایانە لە کوردستان گەڕاوەتەوە ، بە مەبەستی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنێک لە گەڵی و بینینی لێدوانی شاهێدەکان کە بە چاوی خۆیان تاوانبار نەزار خەزرەجیان بینیوە لە کاتی پەلاماری ئەنفال و کیمیابارانی کوردستان ، دەرسیم ڕەحمان ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرە لە کۆمیتەی بەگڕخستنی هەوڵەکان بۆ دادگایی کردنی تاوانبار نەزار خەزرەجی .

ڕۆژنامەی ناوبراو ڕۆژی 10\AUGUST\2002 لێکۆڵینەوەیەکی تری بڵاو کردەوە بە ناونیشانی : ***ئاشکرا کردن : هەروەها سەرەک سوپا منداڵێکی بچوکی بە لەقە کوشتووە ، دەرسیم ڕەحمان فەرحان تەمەن 41 ساڵە و بەر لە نۆ 9 ساڵ وەکو پەناهەندەیەکی کورد لە دەستی ڕژێمی سەدام ڕایکردووە و پەنای هێناوەتە بەر وڵاتی دانمارک ، بە هۆی ئەنجامدانی کاری سیاسی لە پێناو سەربەخۆی کورد ، دەرسیم لە ماوەی نێوان مارتی 986 تاوەکو سێپتەمبەری 988 زیندانی کراوە و توشی ئازار و ئەشکەنجەی زۆر بووەتەوە لە لایەن ڕژێمی عێراق ، وەکو قوربانییەکی ئازار و ئەشکەنجە لە کۆمیتەیەکی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان ناونوس کراوە و مافی پەناهەندەیی سیاسی وەرگرتووە ، بەر لەوەی ئازاد بکرێت بە مانگێک شاروچکەکەیان (دیبەگە) لە لایەن هێزەکانی سوپای عێراق لە دواین قۆناخی ئەنفال(خاتمة الانفال) تەخت کراوە و لەر نەخشە سڕاوەتەوە ، ئێستا دەرسیم بە هەمان شێوەی چەندین کەسی تری کورد داوای لە دژی خەزرەجی تۆمار کردووە***

و سەرقاڵی ئامادەکردن و بەڵگە کۆکردنەوەیە بۆ لێکۆڵەرەوەکانی وڵاتی دانمارک ، کە لە تاوانەکانی خەزرجی دەکۆڵنەوە ، ئەوەی لەم وێنەیەدا دەبینرێت : دەرسیم ڕەحمان لە ماڵەکەی خۆی لە هۆرسنس ، لە سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکەش ئەو پیاوە جوتیارە بە ساڵا چووە (مودیر عەلی) کە قسە دەکات لە سەر تاوانەکانی سەرەک سوپای کۆن (نەزار خەزرەجی) لە گوندی گۆپتەپەی کوردان .

پەناهەندەکەی (Søro) ، سەرەک سوپای پێشوی عێراق (نەزار خەزرەجی) ، وەک لەم وێنەیەدا دەردەکەوێت و ڕادەگەیەنرێت ، کە لە گوندی عەسکەری بۆمباباران کراو لە 4|5|988 گیراوە ، شایەتێکی کورد (مودیر عەلی تەمەن 65 ساڵە) بە چاوی خۆی دڕندەیی و تاوانەکانی پەناهەندەکەی Søro (نەزار خەزرەجی)ی بینیوە ، کە منداڵ و خەڵکی سیڤیلی هەڵهاتووی کوشتووە ، مدیر عەلی دەڵێت : من بە چاوی خۆم بینیم نەزار خەزرەجی سەرەک سوپای پێشوو منداڵێکی بچوکی بە لەقە لێدان کوشت ، هەروەها ناوبراو لەو کاسێتی ڤیدیۆیە کە لە گوندی گۆپتەپە ئەم هاوینە تۆمار کراوە بە ووردی باسی بەسەرهاتی پڕ نەهامەتی 4|5|988 گوندی گۆپتەپە دەکات کە چۆن لە لایەن فرۆکەکانی سوپای عێراقەوە بوردمان کرا بە گازی ژەهراوی و دواتر بەر پەلاماری ئەنفال کەوت ، لە درێژەی قسەکانی باسی ڕۆلی تۆقێنەر و بێبەزەییانەی پەناهەندەکەی Søro نەزار خەزرەجی دەکات و دەلێت : ئەو پیاوە (نەزار) تیرۆریست و تاوانباری جەنگە ، من بینیم چۆن بە لەقە منداڵێکی بچوکی کوشت ، گەر ئەوە لە ڕۆژئاوا ڕوی بدایە بە شێوەیەکی توند سزا دەدرا ، ئەوە دەرهەق بە منداڵێکی بێتاوانی کورد ئەنجام دراوە ، هەروەها دەڵێت ئەوە لە ڕۆژئاوا نەکراوە ، پەنجەیەکی بەرز دەکاتەوەو بە توڕەییەوە ئەو جوتیارە کوردە دەڵێت پێویستە نەزار لە سێدارە بدرێت ،(شۆنالیست) نازانێت لە دانمارک بڕیاری لە سێدارەدان نییە ، دیارە مودیر عەلی 27 سەر خێزانی بونەتە قوربانی ئەو تاوانانە و لە ناویاندا ژنەکەی و چوار منداڵی ، ڕۆژی 3|5|988 گوندی گۆپتەپە بوردمان کراوە ، وەک مودیر عەلی دەڵێت و پێش دەچێت بە گازی ژەهراوی بێت بە پێی وتەکانی ناوبراو ، کە بۆنی سێوی لێ هاتووە و بۆ ڕۆژی دواتر ،واتە 4|5|988 گوندەکە ئابلۆقە دراوە بە یەکەیەکی سەربازی بە سەرپەرشتی نەزار خەزرەجی .

***گەشتی بێبەزییانەی سەدام دژی کوردەکان کە بە پەلاماری ئەنفال ناودەبرێت ، بە دڵنیایی لە ساڵی 1988 دەستی پێکردووە و بە بێ گومان بووە هۆی کوشتنی نزیکەی 180 هەزار کورد ، لە ناو ئەو شاڵاوە دڕندانەشدا گازی ژەهراوی دژی کوردەکان بە کارهێنراوە و نمونەی هەرە گەورەی ئەو هێرشە نایاساییانەش شاری هەڵەبجەیە کە لە مارتی 1988 بەر دڕندەترین پەلاماری کیمیاوی کەوت .***

***پۆلیسی Ringsted کە بۆ ماوەی 8 مانگە سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیە لە تاوانەکانی سەرەک سوپای پێشوی عێراق نەزرا خەزرەجی ، بەڵام لە ئێستا بە دواوە ئەو ئەرکە دادوەری گشتی نوێ Birgitte Vestberg دەیگرێتە ئەستۆ لە کۆبنهاگن .***